# سەرۆک کۆمار گەیشتە بارەگای بەڕێوەچونی کۆنفرانسی لوتکەی کەشوهەوا (COP28) لەشاری ئێکسپۆ لە دوبەی



سەرۆک کۆماری عیراق دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ هەینی 1-12-2023 گەیشتە بارەگای بەڕێوەچونی کۆنفرانسی لوتکەی کەشوهەوا (COP28) لەشاری ئێکسپۆ لە دوبەی.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی کۆمارلەگەڵ گەیشتنی سەرۆک کۆمار، لەلایەن ئەنتۆنیۆ گوتێرێش سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان و شێخ محەمەد بن زاید ئال نهیان سەرۆکی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو پێشوازی لێکرا.

لە کۆنفرانسەکەدا، سەرۆک کۆمار وتاری عیراق پێشکەش دەکات.

کۆنفرانسەکەی ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی نیشتمانیی ئیمارات کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی جیهان بانگهێشت کراون بۆ بەشداریکردن, ئیمارات سەرۆکایەتیی ئەمجارەی کۆنفرانسەکە دەکات و پرسەکانی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی لێکەوتەکانی و ڕۆڵی وڵاتان لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانیدا، تاوتوێ دەکرێن.